## سەبارەت بە راپۆرەکەی لیژنەی ( بێکەر-هامیلتۆن )،

## گوتەبێژێکی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ئەم لێدوانەی راگەیاند:

دوای (8)مانگ لەچاوەڕوانی، پێرێ 2006/12/6 گروپی لێکۆڵینەوەی عێراق بەسەرۆکایەتی (بێکەر-هامیلتۆن) راپۆرتەکەی خۆی بۆچارەسەرکردنی بارودۆخی عێراقو ناوچەکە کە لە (79) راسپاردە پێکهاتووە، پێشکەش بەسەرۆکی ولأتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا جۆرج دەبلیوبۆش کرد. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە، راپۆرتەکە لە بەرامبەر دامەزراندنی حکومەتێکی بەهێز لە مەرکەزدا بەکردەوە سیستمی فیدرالیزمو بەشێکی زۆر لە بڕگەکانی دەستور هەڵدەوەشێنتەوەو داوای گەڕانەوەی بەرپرسانی بەعس بۆ دەوڵەتو دانوستاندن لەگەل چەکدارە تیرۆرستەکانو ئازادکردنی گیراوەکانیان دەکات.

سەبارەت بە کوردستانیش راپۆرەکە لە راسپاردەی ژمارە (30)دا داوای دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی (140)ی دەستوورو راپرسی لەسەر کەرکوك دەکاتو چارەسەری ئەو پرسە چارەنوسسازەی گەلی کوردستان بەناوبژیوانانی نێودەوڵەتیو بە(گروپی پشتگیری نێودەوڵەتی) دەسپێرێتو لەراسپاردەی (28)یشدا دەسەلأتی بەناوهێنانی کێڵگەکانی نەوت لەهەرێمەکان وەردەگرێتەوەو کۆنترۆڵکردنو دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت بۆ حکومەتی مەرکەزی دەگەڕێنتەوە.

دیارە هەموو ئەو راسپاردانەی سەرەوەو چەند راسپاردەی تریش کە وەك لایەنێکی نەگەتیڤ لەراپۆرتەکەدا هاتوە زیاتر لەسەر داوای ولأتانی دەوروبەرو عەرەبی سوننەیە لەعێراقداو ئەو دەسکەوتانە پشت گوێ دەخات کە گەلانی عێراق، بەتایبەتیش گەلی کوردستان لە سێ ساڵو نیوی دوای روخانی رژێمی دیکتاتۆری سەدام لە رێگەی قوربانیدانو دواتر دەستورەوە بە دەستیان هێناوە. کە ئەمەش نەك هەرکێشەکانی ئێستەی عێراق چارەسەر ناکات، بەڵکو کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات بەو پێیەی کەکوردو پێکهاتەکانی تر بە ناچاری تێکەڵ بەو کێشانە دەکات.

بۆیە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان داوا لەئەنجومەنی نوێنەرانو حکومەتی عێراقو پەرلەمانو حکومەتی کوردستانو سەرجەم لایەنە سیاسییەکان دەکات پابەندی ئەو راسپاردانە نەبن، کە لەدەستکەوتەکانی گەلانی عێراقو گەلی کوردستان کەم دەکاتەوەو کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات، هەروەك حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دڵنیایە کە گەلانی عێراقو کوردستان دەنگ بەهیچ دەستکاریەکی دەستور نادەن کە لەو دەسکەوتانەیان کەم بکاتەوە. هەروەك لێرەدا حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان جارێکی تریش دڵسۆزانە داوا لەسەرکردایەتی یەکێتییو پارتی دەکات کە تا ئەو راسپاردانە بڕیاریان لێنەدراوەو نەکەوتونەتە واری پراکتیکەوە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (140)و گەڕانەوەی کەرکوكو ناوچەدابراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەستوبرد بکەنو لەوە زیاتر چاوەڕوانی بەغدا نەکەن، بەڵکو ئەوەی کە بە کورد خۆی دەکرێت کە دیارە زۆری پێدەکرێت پرۆسەکە جێبەجێ بکرێت.

**گوتەبێژێك لە مەکتەبی**

**سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**سلێمانی** 2006/12/8